هێزەکانی دژەتیرۆری سلێمانی و هاوپەیمانان توانییان ژمارەیەک چەکداری داعش دەستگیربکەن

لە ئۆپەراسیۆنێکی هەواڵگری و سەربازی، هێزەکانی دژەتیرۆر و هاوپەیمانان توانییان ژمارەیەک چەکداری داعش دەستگیربکەن کە پەیوەندیان لەگەڵ بەرپرسانی پێشووی (ویلایەتی بەغدا)ی دەوڵەتی ئیسلامی هەبووە.

لە راگەیەنراوێکدا هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دژەتیرۆر رایگەیاندووە، تیرۆرستە دەستگیرکراوەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسە سەربازییەکانی داعش هەبووە و پلانیان داڕشتووە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لە سنووری پارێزگای کەرکوک پاش رووخانی ڕژێمی سووریا.

دژەتیرۆر دەڵێت: تۆمەتبارەکان پێشتر ئەندامی چالاکی ڕێکخراوی داعش بوون و پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ سەرکردە دیارەکانی داعش هەبووە و بەشداربوون لە پلاندانان بۆ هێرشی چەکداری لە ناوچەکە.